# گۆڕینەوەی مەرگی سەددام بە دەستکەوتی گەورە !

کەمال ڕەئوف

حکومەتی تازەی عێراق هەرچەندە بەڕووکەش وادەردەکەوێت کە بەرئەنجام و ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەی ئەوخەڵکەیە کەدەنگیاندا , بەڵام لای هەموو کەس ئەوە ئاشکرایە کەئەوحکومەتە لەژێر چەترو هەیمەنەو دەسەڵاتی ئەمریکاییەکاندایە وبەسەرپەرشتی و فرمانی ئەوان دەچێت بەڕێوە , ئەمریکاییەکان لەم قۆناغەی ئێستادا بەئاشکرا ئەوەدەڵێن کە ئەوان جگە لەپاراستنی ئاسایشی عێراق و سەلامەتی گیانی ئەندامانی حکومەتەکە ئەومافەش بەخۆیان دەدەن کە سانسۆری فکرو بیرو بۆچوونی ئەوکەسانە بکەن کەدەبنە کاربەدەستی گەورەو بیریاربەدەستی ئەو حکومەتە تالەوێوە هاوکێشەیەك دروستبکەن کەهەم لەگەڵ نەسیجی ئێستا خەڵکی عێراقدا بێتەوە , هەم لەگەڵ ئەو بەرژەوەندی و تێڕوانین و بۆ چوونانەدا بێتەوە کە ئەوان بۆخۆیانی دەخوازن , بەڵام لەگەڵ ئەو ڕاستیەشدا ئەو تێڕوانینە یان ئەو واقیعی باڵادەستیەی ئەمریکا مانای ئەوە نییە کە ئیتر هەموو دەرگاکان داخراون وهیچ بوارێك لەبەردەم حکومەتی تازەو کاربەدەستەکاندا نەمابێتەوە تاکو لەگەمەسیاسیەکاندا بەبارێکی تردا بەختی خۆیان تاقی بکەنەوە ,

چوونکە ئەمریکاییەکان جگە لەو بارگرژییە ئەمنییەی کە بەهۆی گروپە ئیسلامیەکان و کۆنە بەعسیەکان و دەستێوەردانی وولآتانی دراوسێوە توشی بوون و وەزعەکەیان بۆ کونترۆڵ ناکرێت , لەهەمان کاتیشدا ترسی ئەوەشیان هەیە کە کێشەکانی ناو خۆ بەو بارەدا بشکێتەوە کە جەنگێکی ئەهلی لێبکەوێتەوەو ئەوکاتە ئەولایەنانەی کەئێستا دۆستی ئەمریکان باڵێنە ئەو شەڕەوە وئەمریکا ناچار بکەن کەبەشێوەیەك لەشێوەکان شکستی خۆی لەعێراقدا ڕاگەیەنێت و پاشەکشە لەخاکی عێراق بکات , بۆیە لەگەڵ ئەو باڵادەستیەشیاندا ناچارن کە هەندێك جار گوێی بۆ کەسایەتیەکی ئاینی وەك سیستانی ڕاگرن کە تاکو ئێستا تەنانەت بەڵگەنامەی عێراقی بوونیشی نییە , یاخود لەگەڵ موفتەدایەکدا بکەوێتە گفتو گۆوە کەهەڵگری بیرو باوەڕێکی توندڕەوانەی ئاینیە وچەند مانگ سەرسەختانە شەڕی لەبەرانبەر هێزەکانی ئەمریکادا کردو ئێستاش بەئاشکرا قسە لەسەر چوونە دەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەکات و وەك داگیر کەر مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات , هەروەها گێرانەوەی هەندێك لەکاربەدەستانی کۆنی بەعسیش پرۆسەیەك بوو لەو پروسەیەی کەبە داگیرسانی گڵۆپی سەوزی ئەمریکا عەلاوی لەحکومەتەکەی خۆیدا چەندین کۆنە بەعسی گێرایەوە و بۆئاشتکردنەوەیان لەئەردەن دانوستانی ئاشکرای لەگەڵیاندا سازکرد .

لەلایەن سەرك کۆماری تازەش مام جەلالەوە دامەزراندنی وەفیق سامەڕای بەموستەشاری ئەمنی خۆیی‌و پێداگرتن لەسەربەشداریکردنی عەرەبی سوننە لەحکومەتدا وچاونووقاندن لە ڕێژەی دەنگەکانیان و هەڵوێستیان لەهەڵبژاردندا وبەخشینی پۆست و وەزارەت وەك دیاری بە عەرەبی سوننەو خۆ دزینەوە لە سزادانی سەددام و سەرانی عەرەبی سوننەی حیزبی بەعس و حکومەتی پێشوو , دیسانەوە ئەوانەش جۆرە ئاماژەیەکە بۆ عەرەبی سوننەو بۆ ڕازیی کردنی وولآتانی دراوسێ و ملدانن بەو سیاسەت و بەرنامانەی کەمریکا پێشترخەتی بۆ کێشاوەو تاڵەبانیش زۆر زیرەکانە دەیەوێت بەهانە بۆئەم بادانەوەیە لەسیاسەتەکانیدا بهێنێتەوە بەبەردێك چەند نیشان بشکێنێت ,

ئەو هەڵوێستەی تاڵەبانی ئەگەر لەپاڵ ئەو سیاسەتەدا بوایە کە بیوویستایە کێشەی کورد بەکوردەکانی ئێران و تورکیاو سوریاشەوە بباتە ئاستێکی باڵاترو بیەوێت سود لەوپۆستە وەرگرێت کەئێستا هەیەتی ئەوا ڕەنگە ئەوکاتە ئەو هەڵوێستە والێك بدرایەتەوە کەئەو هەڵوێستانەی تەنها بەمەسەلەیەکی سیاسی و ئانیی بزانرایەو واسەیربکرانایە کە لەم دەورانەدا بۆمەسەلەی گەورەتر وا لەسەرەك کۆمار وادەخوازێت هەنگاو گەلێکی لەو جۆرە بنێت , بەشێوەیەکی تر ئەگەر لەپاڵ هەڵوێستی دژی ئیعدامکردنی سەددام حسێن و سەرانی تری بەعس پێی لەسەر ئەوە داگیرایە کە ئەوانە بدرێنە دادگایەکی نێو دەوڵەتی و لەوێوە پەردەی لەسەر سیاسەتی قڕکردنی ئەوان لابدرایەو کێشەی کوردیشی بکردایەتە کێشەیەکی نێودەوڵەتی ئەوا دیسان ڕەنگ بوو لەمەڕ ئەو هەڵوێستە خوێندنەوەیەکی تری لەسەر بکردرایە وخەڵك ئامادەبوایە کە مەرگی سەددام و هاوڕێکانی بەدەستکەوتێکی لەو شێوەیە بگۆڕیایەتەوە, بەڵام خەڵك بەگشتی شاهیدی ئەوەن ئەو هەڵوێستانەی کەهەتائێستا لەسەرکردایەتی کورد دەبینرێن و دەبیسترێن ئەوەندەی کە دەگەڕێتەوە سەر تێڕوانین لەئایندەو ئاسۆی خەڵکی کوردو ئەوحکومەتە عێراقییەی کە ئێستا پارتی و یەکێتی پێکهاتەیەکی گرنگ و چالاکی دروستکردنەوەو پێکهێنانەوەیەتی نەتاڵەبانی و نە هیچ سەرکردەیەکی تری کوردی بەو ئاکارەدا کاریان نەکردووە کە لەم دەورانە چارەنووس سازەدا هەوڵبدەن کێشەی خەڵکی کورد ببنە دەرەوەی عێراق و لەو بازنە داخراوەی ڕزگار بکەن کەناوی عێراقە, کە بەپێچەوانەوە لەسەر مەسەلەی کارەساتی ئەنفال و بزرکردنی بەرزانیەکان و کیمیا بارانکردنی خەڵکی مەدەنی ودەرکردنی خەڵکی شارەکانی کەرکوك وبەعەرەب کردنی ناوچەکانی تری کوردستان کەئەمانە هەمووی جۆرە سیاسەتێکن کەبەپێی ڕێکەوتن ننامەی نێودەوڵەتی یاساخن و ناکرێت بێدەنگبن لە ڕوودانیاندا ,دەکرا بەدەیان جۆر و لەدەیان شوێنی نێونەتەوەییەوە داوای یاسایی تۆماربکرایەو داوای لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی لەسەر ڕوودانی ئەو ڕووداوانە بکرایە و پارتی و یەکێتی بەئاشکراو بەنهێنی بچوونایەتە پشتی بزووتنەوەیەکی لەو جۆرەوەو کۆمەکی مادی مەعنەویان بۆدەستەبەر بکردایە, ئەوکاتە کێشەی کورد وەك مەلەفێکی کراوە لەبەردەم ڕێکخراوە

نێودەوڵەتیەکاندا دادەنراو هەمووکاتێك و لەکاتی پێویستدادەکرا بگەڕێینەوە سەری , بەڵام چوونکە ئەوان تاکو ئێستا سەرمەستی ڕێژەی دەنگەکانیان لەشارەوانی و پارێزگاکان و خەریکی جەنگی ساردی یەکتری و ئەوانی ترن ,یان چوونکە سەرمەستی دابەشکردنی پۆستن ودەیانەوێت لەو فراغەسیاسیەی ئێستادا وەك حیزب دەورێکیان هەبێت ,ئەوا نایان پرژێتە سەر ئەوەی کە بیر لەئایندەی ئەو عێراقە بکەنەوە کەڕەنگە لەداهاتوودا بۆ خەڵکی کورد هیچی وای لە حکومەتەکانی پێشوو جیاوازتر نەبێت .

Kamalrehuf300@hotmail.com